www.kurdistannet.org
23-11-2005 17:19 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# سلێمانی: کوردستان نێت... ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) دووکەرت بوو، هاوکاری داراییشی لە ڕێکخراوە بیانییەکانەوە، وەستێنرا.

دوای ئەوەی بەشێک لە ستافی ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) کە ژمارەیان نزیکەی (20) بیست ڕۆژنامەنووس دەبوو، پاشەکشەی خۆیان لە ڕۆژنامەکە ڕاگەیان، ئەمڕۆ 22-11-2005 یەکەمین کۆبوونەوەی خۆیان ئەنجامدا. سەرچاوەیەک لەناو کۆبوونەوەکە بە کوردستان نێت ی ڕاگەیاند، کە لە کۆبوونەوەکەیاندا پڕۆژەی ڕۆژنامەیەکی تازە دەخەنە بەرباس و گفتووگۆی لەبارەوە دەکەن. لەوەڵامی پرسیرێکماندا دەربارەی ناوی ڕۆژنامەکە، هەمان سەرچاوە وتی: هەندێ ناو پێشنیارکراون، بەڵام تاکو ئێستا لەسەر هیچکامیان ڕێك نەکەوتوون. هەندێک لە ناوە پێشنیارکراوەکان ئەمانەن:

- هاوڵاتی تازە
- کوردتایمز
- چرا
- ڕاستی
- هاوڵاتی نوێ

هەروەها بەگوێرەی ئەو زانیاریانەی دەستمان کەوتووە، شەش سەرمایەداری کوردی خەڵکی سلێمانی پێشنیاریان پێشکەشی ئەم ستافە جیابووەوە لە هاوڵاتی کردووە، بۆ خاوەن ئیمتیازێتی ڕۆژنامەکە، بەڵام تاکو ئێستا کەسیان دەستنیشان نەکراوە.

شایەنی باسە دوو ڕێکخراوی بیانی کە پێشتر لە ڕووی مادییەوە هاوکاری ڕۆژنامەی هاوڵاتی دەکرد، لەگەڵ ستافە جیابۆوەکەوە کۆبۆتەوە و لێکۆڵینەوەی خۆیان دەربارەی جیابوونەوەکە ئەنجامداوە. وەک بەدیار دەکەوێت ئەو دوو ڕێکخراوە بیانییە بڕیاری وەستانی هاوکاری دارایی بۆ ڕۆژنامەی هاوڵاتی داوە و پێدەچێت لەمەو پاش هاوکاری ئەم ستافە تازەیە بکەن.

جێگەی ئاماژە پێکردنە، بەڕێز ئاسۆ هەردی دەبێتە سەرنووسەری ڕۆژنامە تازەکە.

سلێمانی: کوردستان نێت